Comité van Komala in Nederland

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران

# ئاهەنگی ڕۆژی کۆمەڵە لە هۆڵەند

ڕۆژی 17 مانگی فەوریەی 2007 ئاهەنگێکی گەرمووگوڕ بۆ ڕێز گرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە بەشداری زیاتر لە 300 کەس لە دۆستانوو لایەنگرانی کۆمەڵەو نوێنەرانی حزبوو ڕێکخراوە سیاسیەکان، کورەدەکانی دانشتووی هۆڵەند بەڕیوەچوو.

ئاهەنگی ڕۆژی کۆمەڵە سەرەتا بە یەک دەقێقە بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی هەموو گیان بەختەرکردووانی ڕێگای ئازاد و سۆسیالیزم و ڕزگار گەلی کورد و سروودی بانگەواز دەستی پیکرد. پاشان هاورێ فایەق مەحموودی بەرپرسی تەشکیلاتی هۆلەند پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە پێشکەشی بەشداربوان کرد. بە دواییدا نوەێنەرانی حزب و ڕێکخراوە سایسیەکان لەوانە حیزبی دیموٚکراتی کوردستانی ئێران، حیزبیدیموٚکراتی کوردستان ئێران–کورد یەکیتی نیشتیمانی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی سوسیالیستی هۆلەند و ئەنجمەنی فەرگیانی ئێرانی هەرکام بە نەوٚبەی خوٚێیان پەیامی پیروٚزبایی ان بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە پێشکەش کرد.

بەشی دوەمی ئاهەنگی ڕۆژی کۆمەڵە بریتی بوو لە ئاهەنگ و هەرپەرکێ کوردی بە بشداری هۆنەرمەندان ناسری ڕەزازی، میدیاخان، نادیا هەڵەبجەیی و هەروەها تیپی موسیقای میدیا تا دەرەنگان درێژەی هەبوو.

## کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- هۆڵەند



















